# شەری نوێنەرایەتی لە عیراقدا

محەمەد گەلاڵەیی_سۆران

خوێندنەوە بۆ بارودۆخی ئەمرۆیی عیراقی نوێ و بەتایبەتی لەچەند رەهەندەی جیاجیاوە بابەتێکی زۆر دوورو درێژ هەڵدەگرێت، ئەوەی دەبینرێت لەم وولاتەدا لە کوشتن و تەقینەوەو سەربڕین و کۆمەلکوژی و شەری گەرەکەکانی بەغدای پایتەخت، کە بەناو تایفی و لەناوبردنی هەزاران عەلی و عومەر ناوزەدکراوە، هەمووی دەچێتە خانەی ئەو توندوتیژیانەی بەناوی تایفی و ناوخۆو تیرۆرو..هتد .بەلاّم ئەوەی لە بیرکراوە لە ناوەزەد کردنی ئەو بارودۆخەی ئێستای عیراق ناو نەهێنانی شەری نوێنەراتییە لەنێوان هەموو لایەنەکانی ئەم وولاتەدا، ئەمەش چۆن؟ لەوەتەی عیراق لە 9ی نیسانی 2003ئازادکراوە هەموو پێکهاتەکانی عیراق لە کۆنترۆڵکردنی دەستەلاّتی حکومکڕانی ئەو وولاتەدان، بەتایبەتیش سوننی و شیعە مەزهەبەکان و هەتا بەکارهێنانی توندوتیژی لەبەرامبەر یەکتری تەنیا بۆ گەیشتن بە کورسی دەستەلاّت، بۆنموونە :دوو مانگ پێش ئەوەی ئەیاد عەلاوی ببێتە یەکەمین سەرۆك حکومەتی کاتی عیراق لەناوچەی سوننە نشینەکان و بەتایبەتیش لە شارەکانی بەغداو فەلوجە پڕبوون لەکاری تیرۆریستی و جەماعەتی تەکفیریەکان، لەبەرئەوەی کەسێکی شیعە مەزهەب بۆتە دەستەلاّتدار ئەو نوێنەرایەتی ئەوان دەکات لەلای هاوپەیمانانددا هەرچەندە سوننەکان وەزیریان هەبوو بەلاّم ئەوان بەو دەستەلاّتەی ئەمرۆ شیعەکان رازی نینە، شیعەکانیش بەهەمان شێوە دەیانویست و دەشیانەوێت زۆرترین رێژەی نوێنەرایەتی لە عیراقدا بەر چەنگی ئەوان کەوێت، ئەم ململانێیەی شەری نوێنەرایەتی هەر لەگەڵ هاتنە سەرحوکمی جەعفەری و مالکیش توندتر بوو بەڵکو باشتر نەبوو، ئەوا ئێستاش پلانی ئەمنی لەبەغدا جێبەجێ دەکرێت هەر شەری نوێنەرایەتی بە توندوتیژی بەرێوەدەبردرێت لەلایەن بەشێکی زۆری سوننە مەزهەبەکان .ئەوەی لەبیرمان نەچێت نوێنەرانی کوردی عیراق شەریان زیاتر دیبلۆماسییەت و قەناعەت پێهێنان بوو بە لایەنە سیاسیەکانی ناو عیراقدا بە سوونی و شیعەکانەوە بۆ دابین کردنی مافەکانی گەلی کورد، بەتایبەتی چەسپاندنی فیدراڵی و جێ بەجێکردنی مادەکانی 58و 140تایبەت بە کەرکوك، تا دوێنێش ئەگەر شیعە دەستەلاّتی نەبووبێت و سوننە بالاّدەست بێت، ئەوا ئەمرۆ هاوکێشەکە گۆڕاوەو هەتا بارودۆخی

ناوچەکەش لە بەردەم گۆرانێکی نادیاردایە، سوننە نوێنەرایەتی کەمینەیەك دەکات لە ناو پەرلەماندا، بەلاّم شیعەکان زۆرینەو لەبەرامبەریشدا سوننەکان لەچەندین بەرەوە شەری خۆیان ڕاگەیاندووەوە لەگەڵ شیعەکان هەر لە کوتلەکانی ناوپەرلەمانەوە تا دەگاتە جەماعەتی موقاومەو تیرۆریستەکانی سوننە مەزهەب، ئەم کێبرکێەی ئەمانەش هەمووی بۆ نوێنەراتییە ئەگینا ئەوانیش دەزانن شیعە ڕێژەیەکی زۆری دانیشتوان پێك دەهێنن‌و زۆرترین دەستەلاّت بەر ئەوان دەکەوێت، بەلاّم بەهۆی ئەو دەستەلاّتە زۆرەی سوننەکان بەدرێژایی هەشتاوسێ ساڵی رابردوو، هەر خۆیان بە راست دەزانن لە نوێنەرایەتی کردنی خەلّکدا، ئەم شەرو ئاژاوەی ئەمرۆی عیراق لەسەر سامانی نەوت‌و سروشتیەکان‌و جێ بەجێکردنی مادەی 140ی تایبەت بە کەرکوك‌وفیدراڵی‌و سەربەخۆیی کوردەکان نییە، بەڵکو هەموو لەسەر ئەو نوێنەراتییە لە دەرەوەو ناوەوەی وولاّتەدا لە دەستەلاّتی جێبەجێکردن‌و بەشینەوەی داهاتەکانی وولاّت‌و سەپاندنی یاسادایە لەلایەن یەك لەم مەزهەبانەوە، بۆ نموونە :سوونییەك وەربگریت پێی خۆش نیە لەژێر دەستی بەرێوەبەرێکی شیعە مەزهەبدابێت، بە پێچەوانەشەوە هەمان شتە، یانیش لە دانیشتنەکانی کۆمککاری عەرەبیدا وەزیرێکی کورد یان عەرەبێکی شیعە مەزهەب نوێنەرایەتیان بکات، یاخود ئەو گرێ دەروونی‌و نوێنەراتییە مێژوویەکی دوورو درێژی بۆ پێکهاتە جیاوازەکانی ئەو وولاّتە دروست کردووە .ئەو شەڕە قۆرخکردنی دەستەلاّتی نوێنەراتییە بۆ درێژەدان بە فەرمانڕەوایەتی دیکتاتۆری لەلایەن هەریەکەیانەوە، شیعە لە هەموویان کاریگەر ترە لەو شەرەدا کە بۆ جاری یەکەمە دەستەلاّتی بەو شێوەییە وەرگرتووە، بەمەش زیاتر دەیپارێزێت‌و شەری نوێنەرایەتی گەرمتر دەکات .هەرچەندە حکومەت بەسەرۆکایەتی شیعە مەزهەبەکان پێکهاتبێت ئەوا ئەوەندە شەرەکە قووڵتر بۆتەوە، بۆ بەلگەمان ئەگەر ئاماری توندوتیژیەکانی سەردەمی عەلاوی‌و جەعفەری‌و مالیکی وەربگرین‌و بەراوردێك بکەین لە هەمو ڕوویێکەوە، ئەوا جیاوازییەکی زۆر دەبینرێت‌و رۆژ بە دوای رۆژ سەردەمەکانی ئەمان شەری نوێنەرایەتی گەیشتۆتە چلەپۆپەی خۆیی‌و توندوتیژیەکان لە پەرەسەندان دابووینە کە ئامانج لێیان گەیشتنە بە نوێنەرایەتی زۆرینەی خەلّك، ئەگەر ئاوڕێکیش لە مێژوو بدەینەوە لەگەڵ پێکهێنانی یەکەمین کابینەی حکومەتی عیراق لە 1920لەلایەن ئینگلیزەکانە کە )عبدالرحمان نەقیب (سوننە مەزهەب سەرۆکایەتی دەکرد، لەدژیدا شۆرشی بیست سەرییهەڵدا لەناوچەی فوراتی ناوەراست لەسەر دەستی شیعەکان بۆ ماوەی شەش مانگ توندوتیژی باڵیکێشا بەسەر عیراقی تازە دروستکراوی

بەدەست ئینگلیزەکاندا، ئەمانیش ئامانجیان لەو شۆرشەو ڕاپەرینەدا هەمووی لەسەر نوێنەرایەتی بوو لەبەرئەوەی شیعەکان لەسەر دەستی عوسمانییەکان بۆ چوار سەدە توشی توندوتیژی هاتبوونەوەو پەراوێزخرابوون لەدەستەلأت بەرێوەبردندا، هەر لەوکاتیەوە دەیانویست دەستەلأتێکی تری سوننە نوێنەرایەتیان نەکات، بەهەمان شێوەش سوونەکانی ئەمرۆی عیراق نەیانەوێت بەو قۆناغەی مێژوودا برۆن کە شیعەکان لەسەردەستی ئەوان توانەوەو بەدرێژایی حکومرانی عوسمانیوعەرەبە سوونەکاندا رۆویشتونە، ئەوەی لەم شەرەشدا لە ژێرەوە رۆڵی پاڵپشتیو سەرەکی هەیە لەخۆشکردنیداو بەتایبەتیش وولأتانی دراوسێ نایەنەوێ دەستەلأتیان لاواز بێتو دەیانەوێت نوێنەرایەتی بەشێك لەو پێکهاتنانەی ناو عیراق بکەن بۆ بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆیان، لەوانە تورکیا بە ئاشکرایی دەیەوێت لە پاڵ کەمینەی تورکمانەکانو عەرەبە سوننەکان بەرژەوەندیەکانی لە عیراقدا لەناونەچنو دەیەویەوێت نوێنەرایەتی تورکمانەکان بکاتو لەپاڵ ئەمەشدا دەست لەگەڵ لایەنەکانی تر تێکەڵ بکاتو لەرێی بزاوندنی هەستی مەزبەگەراییو کێشیان بۆلای خۆی، لەلایەکی تریشەوە ئیرانو سوریا دێنە ناوشەرەکەو ئەمانیش بەهەمان شێوە لە شەری نوێنەرایەتیدا بۆ بەرژەوەندیەکانیان بەشداری دەکەن کە خودی عیراقیەکان هەڵیانگیرساندووە، لەبەرامبەر ئەم دەستێوەردانەی دراوسێکانی عیراق وولأتانی تری کەنداویش دێنە ناو شەرەکە بۆ قازانجەکانی خۆیان، کە دەشبینن ئیران پاڵپشتی شیعە مەزهەبەکان دەکاتو سوریاش لە سوننە مەزهەبەکانو گروپە توندرەوەکان کۆمەك دەکات، ئەوانیش نایەنەوێت لەو شەری نوێنەراتییە غیاب بن، هەتا وولأتانی زلهێزی وەکو فەرەنساو رووسیاش ئەوانیش بەش بەحاڵی خۆیان بەشداری ئەو شەرەیان کردووە، هەر دەوڵەتەی بەرژەوەندی لە عیراقدا هەبووە بەشداری ئەو شەرەی کردووە بۆ ئەوەی لە ئایندەدا بەرژەوەندیە ئابووریو سیاسیەکانی خۆیان لە دەست نەدەن، بەمەش گەلانی عیراقو چینی هەژاران دەبنە سوتەمەنی ئەو شەرە کە تا ئێستا بەردەوامە بەناو شەری جۆراوجۆرەوە، کە هەموشیان یەك ئامانجیان هەیە ئەویش گەیشتنە بە دەستەلأتو تواندنەوەو ملکەچکردنی لایەنی بەرامبەر کە لەمێژووی عیراقدا پرۆسیەك بووە تا ئەمرۆ کاری خۆیی دەکات .

کوردستانی باشوور

_24\2\2007شەممە